# کورد و کاپتەنێکی دیبلۆماسی

ئە.کەمال غەریب ک. 18-11-2005

گەشتەکەی سەرۆک بۆ ئەمریکا و ئەوروپا ، هاویشتنی ، تۆپێکی چوارگۆشەیی کوردە بۆ یاریگا دیبلۆماسییەکانی جیهان تا لە ڕێگەی سەرۆکەوە ئەو نامەیە ببێت بە دارعاستایەکی پیرۆزتر لەوەی حەزرەتی موسا ، چونکە ئەمەیان کوردییە و بۆ نەتەوەیەکی نەک چەوساوەیە بەڵکوو ژێرپێخراوی ژێر پۆستاڵی تورک و عەجەم و ئارەبە. هیچ بە دووری نازانم ئەمەیان نەک کردنەوەی پەنجەرەکان بێت بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بەڵکوو کردنەوەی زۆربەی دەرگا داخراوەکانی جیهان بێت بۆ ئەو نەتەوەیی کە دواکۆلۆنیالیی ئەمڕۆی جیهانە . چونەکەی سەرۆک بۆ ئەم وولاتانە ، کردنەوەی ئەو لوغزە وون بوویە کە پێی دەوترێ لۆبی کوردی یان گۆشکردنی وەک کۆرپەیەک ، کە هێشتا گاگۆلکێی نەکردبوو . ئاوێنە سیمایی ڕووی تەماشەکەرە ، ئەوەی کرا بۆ سەرۆکی کوردستان ، نەکرا بۆ سەرۆک وەزیرانی توورکی عوسمانلی لە ئەڵمانیای یەککرتوو. دیارە ئەمەش جێی پرسیارە ؟ وەک وەرچەرخانێکی سیاسی بە پۆزەتیڤی بۆ نەتەوەیەکی دوێنێی وون بوو لە سەر ئاستی میدیاکان کە دەنگی تاساوی ئەم نەتەوەیە لە گەورەترین کارەساتە مرۆڤییەکاندا نەدەگەیشت بە لاپەڕەی یەک تاکە ڕۆژنامەی لاکۆلانی جیهانیش ، نەک ئەوەی ئەمڕۆ شپیگلو دەیللی میرەڕو واشنتۆن پۆست باسی کورد ئەکەن وەک دۆزینەوەی نەتەوەیەکی پەراوێزکراو لە کەناری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ( من بە تێکەڵاو بوونی بەرژەوەنییەکانی دەبینم ، و ئەمەش فۆکۆسێکی نوێی دوورگە سیاسییەکانە بۆ بینینی کێشەی نەتەوەیەکی 50 ملیۆنی ). لەوەش زیاتر کورد ئەمڕۆ فەرشی ڕەنگاو ڕەنگی ژێر پا ئەخرێت ئەوەی نوسیم پێش چونەکەی سەرۆک بۆ ئەمریکا : ئایا چونەکەی سەرۆکی کوردستان، ئەتوانێت ببێت بە یەکەم پلەی ئەو پەیژەییەی کە پێی دەوترێ سنووری دەوڵەتێکی کوردی، ئەوەی کورد نەیتوانی بیکات بە هەزارەها شەری چکداری و بە سەدان هەزار قوربانی : سەرۆک توانی بە چەند ڕۆژێک بیکات بە متمانەیەکی سیاسی بۆ نەتەوەکەی و بۆ ڕازی کردنی ویژدانی خۆی و ئاودانی درەختی تینووی گۆڕی هەزارەها لە شەهیدانی کوردستان..!!! لەسەر ئاستی دەرەوە سیاسەتی کورد ڕوو لە ڕێچکەی دوزینەوە ئەکات بەڵام لە ناوەوە پێویستی بە هەڵسەنگاندی هەنووکەیی هەیە چونکە هەردووکیان تەواو کەری یەکترین و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر یەکتری، وە ئەتوانم بڵێم بڕیاردەری چارەنووسی مانەوەی ئەوانە وەک دەسەڵاتێکی پەسەندکراو ، نەک سەپێندراو چونکە بەدەنگدان بوون بە خاوەنی دەسەڵات..!!!

بۆیە ئەشێت بپرسین و وەڵامەکان بۆ خەڵکی دابنێین : ئایا متمانەی ئەم پارتانە لە هەرە ووردیلەیانەوە تا باڵا بەرزترینیان چۆنە لای جادەی کوردی و لە چ ئاستێکدایە لە بوودجەی سیاسەیدا ( کە بەداخەوە هێشتا کورد نە بووە بە خاوەنی ئەم بوودجە سیاسییە)..؟

ئایا ئەو سۆزانەی دایان بە نەتەوەکەیان پێش دەنگدان بۆ پەرلەمانی عێراق و دەستوور وە نەیان هێنایەدی ئەکەونە کام خانەی دۆڕاوە سیاسییەکانەوە ؟چونکە ئەو پاپۆڕەی ئەوان بوون بە کاپتەنی ئێـمەشی تێدایــن و چەندەها ڕووبەڕووبونەوە وەک گەمارۆی سیاسی ، پلانی گڵاو ، پارچەپارچەکردنی یەکێتی ڕیزەکانی گەل ، ئامادەکردنی ئاژاوەنانەوە و تەنانەت سەرکردایەتی کردنیشی گەر پێویست بێت ئامادەکراوە ، وە هیچ بە دووری نازانم بە ملیۆنەها وەک سیوولی ئامادەکراو ئێستا لە گیرفانی پارتی ئەڵتێرناتیفدا بێت بۆ ئەم هەڵبژاردنەی بەڕێوەیە ، تەنها بۆ بەلا خستنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەمڕۆ پاشان لەو دوو شارەی کوردستان.

ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد ( بە هەموو گروپەکانەوە )چۆن ئەتوانێت ، ڕووی خۆی سپی کاتەوە بەرامبەر نەتەوەکەیان، تا لەڕۆژی ڕەشدا ڕوویان بێت هاوار بۆ یارمەتیان بکەن..؟؟ نەک ئەوەی ئەمڕۆ کردویانە بە کلتووری خۆیان کاتێک دەنگدان دێتەپێشەوە لە سەر ئاستی میدیاکانیان وێنەی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراقی دوێنێ و ئەمڕۆی داگیرکەری 40% خاکەکەمان لێئەدەنەوە تەنها بۆ مەستکردنی خەڵکی کورد بە تراژیدییەکانەوە..!!تا هەستو سۆزیان بخوسێنن بۆ نزیک بوونەوە لە سنووقەکانی دەنگدان.

ئایا ئەتوانین بڵێین گەڕانەوەی سەرۆکی کوردستان بۆ ماڵەوە ئەتوانێت ڕێکخستنەوەیەک و تازەکردنەوەیەک و چاکسازی کردنێکی دەسەڵات بە خۆیەوە بگرێت ،یان دەبێت هەر شاد بینەوە بە بای بەڕەبۆر ..!!

لە کۆتایدا ئەتوانین بپرسین لە سەرۆک ئایا ، ئەو پرسیارانەی پێشکەش کرا لەسەر دۆزی کورد بە سەرانی ئەمریکا و ئەوروپا ، وەڵامەکەی لە کام ئاستدا بوون...؟؟